# دۆخی ڕێزمانی لەشێوەزاری پشدەردا

خالد حاجی محمد[1] - ساجیده عەبدوڵڵا فەرهادی[2]

۱+۲بەشـــی کوردی، کۆلێژی زمـان، زانکۆی سـەلاحەدین-هەولێر،هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دۆخی ڕێزمانی لە شێوەزاری پشدەردا)یە، دۆخی ڕێزمانی یەکێکە لە تـایبەتمەنـدییە گرنگەکـانی ڕســـتەســـازی لە شـێوەزاری پشـدەردا، دۆخ تایبەتمەندییەکی فرێزە نـاوییەکـانە، لە ئەنجـامی پەیوەنـدیکردنیـان بە بەشـــەکانی دیکەی ڕســـتەوە دەردەکەوێت، کە لە هەندێک زماندا بەهۆی مۆرفیمەوە دەنوێنرێت و لە کۆتـایـی فـرێـزە نـاویـیەکە دەردەکەوێـت، کە ئـامـاژەیەکە بۆ ئەو ڕۆڵەی فرێزە نـاوییەکە لە ڕســـتەدا دەیبینێـت و بە دۆخی مۆرفۆلۆژی ناســـراوە، بەڵام لە هەندێک زماندا نیشـــانەی مۆرفۆلۆژی دەرناکەوێت و بە دۆخی ئەبســتراکت ناســراوە. چەمکی دۆخی ئەبســتراکت بەشــێکی گرنگی تیۆری (دەســـەڵات و بەســـتنەوە)یە، کە چۆمسـکی و شـوێنکەوتوانی بەناونیشـانی تیۆری دۆخی ڕێزمـانی لێیـانکۆڵیوەتەوە. بەپێی تیۆرەکە دۆخی ئەبســـتراکت دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەمو زمانێکدا هەیە، لە زمانی کوردی ناوەڕاسـتدا دۆخەکان مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانییان نییە، بەڵام لە هەندێک لە زار و شێوەزارەکانی سەر بە زمانی کوردی ناوەڕاســت، وەک شــێوەزاری پشــدەر، موکری، خۆشــناوەتی، ڕەواندز، بەدیدەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا شـــیکردنەوە بۆ دۆخی ڕێزمانی و جۆرەکانی و تـایبەتمەندییەکانی لە شـــێوەزاری پشدەردا کراوە.

**کلیلە وشەکان:** دۆخی ڕێزمانی، شێوەزاری پشدەر، دۆخی مۆرفۆلۆژی، دۆخی ئەبستراکت.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22
**Received:** 07-June-2022
**Accepted:** 24-July-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Khalid.h.mohammad@su.edu.krd
sajidah.farhad@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

دۆخ یەکێکە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان و پانتاییەکی فراوانی لە ڕستەسازیدا داگیرکردوە، ئەمەش وایکردوە ببێتە بابەتی لێکۆلینەوە کۆن و نوێیەکانی زمانەوانی، لە ڕێزمانی کۆندا تەنیا لەو زمانانەی کە دۆخی مۆرفۆلۆژییان تێدا دەرکەوتبو لێکۆڵینەوەی لێدەکرا، بەلام لە ڕێزمانی نوێدا دیاردەیەکی گشتییە و بەشێکە لە ڕێزمانی هەمو زمانێک، لە چوارچێوەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوەدا لێیدەکۆلرێتەوە. زۆربەی زمانەکان خاوەنی فۆرمی مۆرفۆلۆژی دۆخ بونە دواتر لەدەستیانداوە، پاشماوەی دۆخ لە زۆربەی زمانەکان بەلگەی ڕاستی ئەم بۆچونەن، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا پاشماوەی دۆخ بەپێی زارە جیاجیاکان و بەڕێژەی جیاواز بەرچاودەکەوێت. شێوەزاری پشدەر یەکێکە لەو شێوەزارانەی کە دۆخی مۆرفۆلۆژی تێدا بەدیدەکرێت.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیەلە (دۆخی ڕێزمانی لەشێوەزاری پشدەردا)

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** مەبەست و گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕو و دەرخستنی تایبەتمەندییە ڕستەسازییەکانی شێوەزاری پشدەر، بەتایبەتی دۆخی ڕێزمانی.

**سنورو کەرەسەی توێژینەوەکە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی شێوەزاری پشدەردایە، کە بەشە دیالێکتێکی سەر بەشێوەزاری موکری کوردی ناوەڕاستە، هەروەها کەرەستە و نمونەکانیش لە زمانی ئاخاوتنی دەڤەری پشدەر وەرگیراون.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاریی ئەنجامدراوە. بەپێی پێویستیش سود لە تیۆری دەسەلات و بەستنەوە وەرگیراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** دۆخی ڕێزمانی لە ڕێزمانی نوێدا پشت بە تیۆری دۆخی ڕێزمانی دەبەستێت، کە لقە تیۆرییەکی تیۆری دەسەلات و بەستنەوەیە، ئەم تیۆرە لەلایەن چۆمسکییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی دانراوە، لەکاتی گونجاندنی لەگەڵ زمانی کوردی، بەهۆی جیاوازی ئەو دو زمانەوە کێشە لە جێبەجێکردنی تیۆرەکە دێتەئاراوە، بۆ نمونە بونی مۆرفیمی خستنەپاڵ لە زمانی کوردی و نەبونی لە زمانی ئینگلیزیدا، دەبێتە هۆی تێڕوانینی جیاواز بۆ دۆخی خستنەپاڵ، چونکە چۆمسکی پێیوایە ناو و ئاوەڵناو دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ دەدەن، بەلام هەندێک لە نوسەرانی کورد وەک (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، هیدایەت عەبدولا موحەمەد) پێیانوایە کە مۆرفیمی خستنەپاڵ دۆخی خستنەپاڵ دەدات.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەگشتی بۆ دو بەش دابەشکراوە، بەشی یەکەم، بەناونیشانی (دۆخی ڕیزمانی)یە و لەم تەوەرانە پێکهاتوە (چەمک و پێناسەی دۆخ، دۆخ لەچوارچێوەی دەسەلات و بەستنەوەدا، جۆرەکانی دۆخ، پالێوەری دۆخ، پێدانی دۆخ)، بەشی دوەمیش بەناونیشانی (دۆخی ڕێزمانی لەشێوەزاری پشدەردا)یە، تێیدا جۆرەکانی دۆخ خراوەتەڕو و لەم تەوەرانە پێکهاتوە، (دۆخی بکەری، دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ، دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دۆخی خستنەپاڵ، دۆخی بانگکردن، دۆخە واتاییەکان)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

# بەشی یەکەم: دۆخی ڕێزمانی

## ١-١. چەمک و پێناسەی دۆخ

دۆخ وەک بابەتێکی زمانەوانی مێژوویەکی دێرینی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا هەیە، سەرەتای باسکردنی سیستەمی دۆخ دەگەڕێتەوە بۆ گریکییەکان، وەک زمانێکی کۆنی هیندۆ- ئەورووپی، زاراوەی دۆخ (case) لە وشەی (casus)ی زمانی لاتینییەوە هاتوە، کە لە بنەڕەتدا وەرگێڕدراوی وشەی (ptosis)ی گریکییە کە بە واتای (fall) ئینگلیزی دێت، واتە (کەوتن، نزم بونەوە). زاراوەکە سەرەتا بۆ ئاماژەکردن بە ناو و کردار بو، بیرۆکەی چەمکی(ptosis) بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ گەردانکردن و دارشتنە ئاوەڵکردارییەکان بەکاریهێناوە، پاشان لە سەدەی سێیەمی پێش زاین زاراوەکە سنوردداربوە بۆ گەردانکردنی ناو. (Blake,2004,18) دواتر بەپێی قۆناغە جیاوازەکان بەکارهێنانەکەی گۆڕاوە، (لە ڕێزمانی کۆندا دۆخ پێکهاتبو لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆتایی ناودا دێت، بەهۆی ئەو ئەرکەی لە ڕستەدا وەریدەگرێت.) (باتینی، ١٩٩٣: ٦٢) کە بریتییە لە خستنەسەری زیادەیەک، واتە لەیەک جیاکردنەوە و ناسینەوەی دۆخەکان بەهۆی ئەو گیرەکانەوە بو کە دەخرانە سەر ناو، (ئەم تێڕوانینەش بۆ دۆخ پەیوەندیی بەو زمانانەوە هەبوە، کە ڕیزبونی وشەکانیان لە ڕستەدا جێگیرنەبوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە کۆندا مەرج بوە دۆخ لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە دەربکەوێت.) (والی،٢٠١٠ : ٩)، (ئەگەرچی لێوردبونەوە لە دۆخەکانی ناو لە سەردەمی ئەرستۆوە دەستی پێکردبو، بەڵام ئەوە ڕەواقییەکان بون کە چوار جۆر لە دۆخیان دەستنیشانکردبو ئەوانیش: دۆخی بکەری (Nominative)، بەرکاری (Accusative)، بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative) و ئیزافە (Genitive) بون و ناسییەوە و لە یەکتریان جیاکردنەوە. (باتینی، ١٩٩٣: ١٧) بلەیک پێیوایە، دۆخ ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکات، کە ناو لەگەڵ وشە سەرەکەیدا هەیەتی. (Blake, 2004: 1) یاخود، دۆخی ڕێزمانیی بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سەرەناوێکدا دێن، بەهۆی گۆکردنیەوە لە دەقی سینتاکسیدا، بۆیە واتاکەی تارادەیەکی زۆر (حاڵەت)ەکەی دەبەخشێت. (مەحوی و ئەوانیتر، ٢٠١٠: ٣٩). لە هەندێک زماندا ئەرکی ڕێزمانی بەهۆی نیشانەکانی دۆخ، یان ڕێککەوتن، یان ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستەوە دەردەبڕێت. (Culicover, 2009: 72) لە هەندێ زمانی تردا، دەور لە ڕستەدا شێوەیەکی تایبەتی بە وشە دەبەخشێت پێیدەگوترێت دۆخ. (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٦١) دەستنیشانکردن و دیاریکردنی دۆخ، یان ئەرکی کەرەستەکانی ڕستە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. لە هەندێکیاندا بەهۆی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە، ڕۆڵ و ئەرکی هەر وشەیەک دیاریدەکرێت، واتە بە دواییەکهاتن و ڕیزبونی وشە، ڕۆڵی هەر ناوێک، یان وشەیەک دیاریدەکات، کە کامیان بکەرە، یاخود بەرکارە. (ئەحمەد، ٢٠٠٦: ١٧) بۆ نمونە، لە زمانی کوردیدا پشت بەم ڕیزبونە دەبەسترێت، وەک:

ـ پیاوەکە نەمامەکەی کڕی.

لەم ڕستەیەدا پیاوەکە ئەنجامدەری کارەکەیە، بەڵام ئەگەر جێگۆڕکێ بە کەرەستەکان بکرێت ئەوە واتای ڕستەکە بەتەواوی تێکدەچێت. بەم شێوەیە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

_ * نەمامەكە پیاوەكەی كرِی.

ئەمەش لەگەڵ لۆجیكدا ناگونجێت كە (نەمامەكە) ئەم كارە ئەنجامبدات، بەڵام لە هەندێ زماندا گرنگی بەم ڕیزبونە نادرێت، بەڵكو هەر وشـــەیەک بەهۆی نیشـــانەكانی دۆخ ڕۆڵی لە ڕســـتەدا دیاریدەكرێت. لەڕوی تایپۆلۆجییەوە زمانانی جیهان دەبنە سێ جۆر:

١. ئەو زمانانەی بە نیشانە ئەركی بەشەكانی ڕستە دەستنیشاندەكرێن.

٢. ئەو زمانانەی بە ڕیزبونی وشەكان ئەركەكانیان دەستنیشاندەكرێن.

٣. ئەو زمانانەی تێكەڵن و بەتەواوی بەر یەک لەو دو جۆرە ناكەون.

تێكەڵی و چونە نـاویەک و ئـاڵۆزییەكی زۆر لە زۆربەی زمـانەكـانـدا بەدیـدەكرێـت وەک ئەوەی لە زمـانی كوردی. (ئەمین، ٢٠١٥: ١٣) كەواتە دەكرێت بڵێین، دۆخ ئاماژە بە ئەركی ڕێزمانی، یا پەیوەندییەكی ڕێزمانی نێوان كەرەستەكانی ڕستە دەكات، كە بەشێوەی جیاواز لە زمانەكاندا دەردەبڕدێت، وەک بەهۆی نیشانەوە، كە دەكەونە ســـەر ناو بۆ دیاریكردنی دۆخی ناوەكە لە ڕســـتەدا، یان ڕیزبونی كەرەســـتەكانی ڕســـتە خۆی حاڵەتێكی نیشانەی دۆخە بۆ ناوەكان، لەو كاتەیدا كە بە پێشگر و پاشگر دۆخەكانی ناو دیاریناكرێن.

## ١-٢. دۆخ لە چوارچێوەی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB)دا:

لە ڕێزمانی نوێدا تیۆری دۆخ (لقە تیۆرییەكی دەسەڵات و بەستنەوەیە كە مەودای كاركردنی لە چوارچێوەی دەســەڵات و بەســتنەوەدا دەكەوێتە ئاســتی دەرەوەی ڕســتە) (حاجی، ٢٠٠٧: ٩٦)، ئەم وەچە تیۆرە لە تیۆری دەســـــەڵات و بەســـــتنەوەدا بە تیۆری دۆخی ڕێزمانی ناودەبرێت، كە تێیدا ڕۆڵی فرێزە ناوییەكانی پێكهاتەی ڕسـتە دەخرێتەڕو، لێكدانەوەی بۆدەكرێت، لە تێڕوانینی ورد بۆ پۆلە فراوانەكانی ناو، كار، ئاوەڵناو، پێشـناو، وەک بەشە ئاخاوتن، تەنیا كار و پێشناو هاوبەشن لە بەخشینی ڕۆڵی ڕێزمانی بە گرێ ناوییەكان، هاوكات ڕەگەزی ڕێزمانی كات و كەس (INFL)یش ئەركی گونجاندن و ڕێكەوتنی بكەر و كار لە ئەستۆ دەگرێت بۆ بەخشینی ڕۆڵی ڕێزمانی بە فرێزی ناوی بنجیی ڕستە. (قادر، ٢٠١٧: ١٣٨) تیۆری دۆخ ئەگەرچی لە بنەڕەتدا لە بیرە كۆنەكەی ڕێزمانی دێرینەوە وەرگیراوە، كە پەیوەندییەكانی نێوان كەرەســـــتەكانی ڕســـــتە بەهۆی فۆرمی مۆرفۆلۆژی، یان ڕیزبونی وشـــــەكانەوە دەردەبڕێت، چەمكی نوێی ئەم تیۆرەی دۆخ لە میكانیزمی جێبەجێكردنیدا جیاوازە لەوەی كۆن، ئەم تیۆرە لە پرەنسـیپ و پارامیتەرەكانیدا زۆر لەوە دورتر ڕۆیشـتوە، كە تەنیا مامەڵە لەگەڵ پاشگرە مۆرفۆلۆژییەكان، یان فۆرمە ئاشكراكانی ناو بكات، ئەمەش بەهۆی جیاوازی زمانەكانی جیهان لەم ڕووەوە، (قادر، ٢٠٠٩: ٧٤) بەپێی تیۆری دەســـەڵات و بەســـتنەوە، هەمو زمانێک دۆخی هەیە، جـا ئەو دۆخە، یـان دۆخێكی مۆرفۆلۆژییە، یـان دۆخێكی ئەبســـــتراكتە، دەشـــــێـت جگە لە دۆخی مۆرفۆلۆژی، دۆخی ئەبســـتراكتیشـــی هەبێت، بەم پێیە هەر فرێزێكی ناوی كە لەڕوی فۆنەتیكیەوە دەركەوتو بێت، دەبێ دۆخی مۆرفۆلۆژی، یان ئەبسـتراكتی هەبێت، (ڕەسـوڵ، ٢٠١٢: ١١٨) دیارترین جیاوازی لەنێوان چەمكی دۆخ لە كۆن و نوێدا ئەوەیە، كە پێیدەگوترێت دۆخی ئەبســـتراكت، كە ســـیســـتەمێكە بەســـەر هەمو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

زمانەکاندا جێبەجێدەکرێت و بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەمو فریزێکی ناوی (NP)ی دەدا، (قادر، ٢٠٠٩: ٧٥) هەبونی هەردو جۆری دۆخی مۆرفۆلۆژی و ئەبستراکت، گشتگیریتی دۆخی ڕێزمانی دەردەخات، هەمو زمانێک خاوەنی سیستەمی دۆخی ڕێزمانییە، ئەمەش دۆخ دەکاتە دیاردەیەکی جیهانی.

## ١-٣. جۆرەکانی دۆخ

چۆمسکی لە تیۆرەکەیدا دو جۆر دۆخی جیاکردۆتەوە ئەوانیش:

### ١-٣-١. دۆخی بنجی Inherent Case

ئەو دۆخانەن کە لەلایەن هەندێک دۆخ پێدەرەوە بە بەشـــە ئاخاوتنی تایبەتی فەرهەنگی دەدرێت، ئەم دۆخە تەنیا بەو فریزە ناوییانە دەدرێت، کە لەڕوی واتاوە پەیوەندی بە دۆخ پێدەرەکەوە هەبێت. (Cook and Newson, 2007: 156) دۆخی بنجی لە ئاســتی ژێرەوە (DS) دەدرێت و پەیوەســتە بە ڕۆڵی واتاییەوە، مەرجی پێدانی دۆخەکەش ئەوەیە، ئەگەر α پێدەرێکی دۆخی بنجی بێت، ئەوا α دۆخ دەداتە NP یەک ئەگەر و تەنیا ئەگەر α ڕۆڵی بابەتانە بداتە فریزە ناوییەکە. (Chomsky, 1986a: 194)، (چۆمســـکی دو جۆر دۆخ پێدانی جیاکردۆتەوە، پێدانی دۆخی ڕۆنانی، کە بەتەواوی پشت بە دەسەڵات دەبەستێت و پێدانی دۆخی بنجی، کە پشت بە دو مەرج دەبەستێت: (١) پێدانی ڕۆڵی بابەتانە، و (٢) دەسەڵات.)، (Heagman, 1994: 174) واتە پێویستە ئەو فریزە ناوییەی دۆخی بنجی وەردەگرێت لەژێر دەسەڵاتی دۆخدەردا بێت، هەروەها پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت. لە زمانی کوردیدا (دۆخی بنجی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و خستنەپاڵ و دۆخی سـەربارەکان دەبینرێت، کە شـێوەی مۆرفۆلۆژی، یان نابەرجەسـتەیان هەیە، ئەو دۆخانەش زیاتر بۆ ڕونکردنەوەی ئەو واتـایەیە، کە دەدرێتە ئـاوەڵنـاو، ئـاوەڵکـار و ئـاوەڵگوزارەکـان، هەروەهـا دەدرێتە ئەو ئارگیومێنتانەی سنوردار نین، دۆخی بنجی بەئاشکرا دەردەکەوێت، ڕۆڵی بابەتانەش وەردەگرن لە کەرەستە حوکمکارەکانیانەوە.) (رسول، ٢٠١٣: ٤٤) بۆ نمونە:

ـ ڕێبواری بەرخەکە بەکەڵەکێ پەڕاندنەوە.

ـ ئۆمێدی پارەکە بەشلێرێ دا.


لەم نمونانەدا پێشناوەکە دۆخی بنجی داوەتە ناوەکانی (کەڵەک و شلێرێ)، چونکە ڕۆڵی بابەتانەیان پێدەدەن و حوکمیان دەکەن، کە ڕۆڵی بابەتانەی (ئامێر و سودمەند)یان وەرگرتوە. هەروەها لە ڕستەی:

ـ کەژاڵ ئەورۆ چو بۆ بازاڕی.

ئاوەڵکاری (ئەورۆ) دۆخی بنجی لە ڕۆنانی ژێرەوە وەرگرتوە، کە ســـیمای (+کات) ی هەڵگرتوە، بەرەو شوێنی specی T دەجولێت و لەوێدا پاساو دەدرێت بە سیمای هاوشێوەی (+کات) لە سەرەی Tدا، چونکە داوای دۆخی جیاواز ناکات، (رسول، ٢٠١٣: ٤٥) وەک لەم هێڵکارییەدا ڕوندەبێتەوە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22




(رسول، ٢٠١٣: ٤٥)، بەڵام پێدانی دۆخی بنجی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە زمانی کوردیدا بەدیناکرێت، چونکە ئەم جۆرە لە دۆخی بنجی (لەو زمانانەدا دەردەکەوێت کەوا کارەکانیان توانایان هەیە لە ڕستەدا دەسەڵات بەسەر دو بەرکاری ڕاستەوخۆدا بگرن. کار لە زمانی کوردیدا ئەم توانایەی نییە، باشترین نمونە بۆ ئەم جۆرە دۆخە زمانی عەرەبییە، چونکە ئەم جۆرە دۆخە گەرچی لە زمانی ئینگلیزی بەرچاودەکەوێ، بەڵام بە ڕادەی زمانی عەرەبی بەهێز نییە.) (قادر، ٢٠٠٩: ٧٧).

## ١-٣-٢. دۆخی ڕۆنانی Structural Case


ئەو دۆخەیە کە لەلایەن دۆخ پێدەرەکانی (کار، ڕێککەوتن)ەوە دەدرێت بەو شوێنەی کە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە، کەواتە هەر فرێزێکی ناوی لەو شوێنە دەرکەوێت، دۆخی پێدەدرێت، بێ گوێدانە پەیوەندیی واتایی لەگەڵ دۆخ پێدەرەکە. (Cook and Newson, 2007: 155) دۆخەکە بە فرێزە ناوییەکان دەدرێت، دوای گواستنەوەیان لە ئاستی ژێرەوە بۆ ئاستی سەرەوە. (Cook and Mark, 1996: 226)، ئەگەر پەیوەندییەکی بەهێزی واتایی پێویست بێت لە نێوان پێدەر و وەرگرەکانی دۆخ بۆ پێدانی دۆخی بنجی، ئەوا پەیوەندییەکی ڕێکی ڕۆنانی بۆ پێدانی دۆخی ڕۆنانی پێویستە، بە واتایەکی تر دۆخی ڕۆنانی لەسەر بنەمای ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە دەدرێت، چونکە هەر دۆخێک شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە. پڕکردنەوەی شوێنەکان لە ئاستی سەرەوەدا بە دۆخی ڕۆنانی ناسراوە. (دۆخی بکەری و بەرکاری ڕاستەوخۆ، دۆخی ڕۆنانین، کە لە ئاستی سەرەوەدا دەدرێت و ئەو شوێنانە پڕدەکاتەوە کە دۆخی تێدا دەدرێت.)، (Chomsky, 1986a: 193)، دۆخی بەرکاری ڕاستەخۆ لەلایەن کارەوە دەدرێت و دۆخی بکەریش بەهۆی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ڕێککەوتنەوە دەدرێت بە بکەر. (دەشــــێت هەریەک لە مۆرفیمی ڕێککەوتن، یان کات بەتەنیا دۆخی بکەری بدەن، هەروەها دەتوانن پێکەوە دۆخەکە بدەن، (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ١٢٢) بۆ نمونە:

ـ ئەمن نانی دەخۆم.

کاری (دەخۆم)، دۆخی بەرکاری ڕاســـــتەوخۆی داوە بە فریزی ناوی (نان) و (ڕێککەوتن و کات) دۆخی بکەری داوە بە فریزی ناوی (ئەمن)، وەک لەم هێڵکارییەدا ڕونکراوەتەوە: (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ١٢٣)




## ٤-١. پاڵێوەری دۆخ: case filter

پەیوەســــت بە تیۆری دۆخەوە، پاڵێوەری دۆخ مەرج لەســــەر ڕێپێدانی فریزە ناوییەکان دادەنێت وەک بنەمایەکی تیۆرەکە ئەوە مســــۆگەر دەکات، کە هەمو فریزێکی ناوی ئەو جێکەوتانە دەگرن، کە دۆخیان تێدا دەدرێت، واتە بەپێی مەرجی پاڵێوەرەکە، هەر فریزێکی ناوی لەناو ڕســـــتەدا دەرکەوتنی هەبێت، دەبێت دۆخێکی ڕێزمانی پێبدرێت، لە جێبەجێبونی ئەم مەرجەشـــــدا پێویســـــتە بۆ هەر ســـــەرێکی ڕێزمانی دۆخ وەرگرێک هەبێت، (ســـەعید، ٢٠١٩: ٥١)، چونکە تیۆری دۆخی ڕێزمانی، بەشـێوەیەکی نەریتی ئاماژە بۆ ئەو دۆخانە دەکات، کە لە پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ڕستەدا دەبینرێت، کە لە ڕێگەی گۆکردنەوە دەنوێنرێت. (Cook and Newson, 2007: 146) (دۆخی ڕێزمانیش، پەیوەندی سینتاکسی نێوان سەر و تەواوکەرە). (ســــەعید، ٢٠١٩: ٤٩) بەم پێیە دەبێت هەمو فریزێکی ناوی دەرکەوتو لە ڕۆنانی ســــەرەوەدا پێویســــتە بە پاڵێوەری دۆخدا تێپەڕ بێت، (پاڵێوەرەکە داوا دەکات، کە دەبێت بە هەر فریزێکی ناوی دۆخێکی ڕێزمانی درابێت، لەبەر ئەمەیە فریزی ناوی نادروســـت دەبێت NP*، ئەگەر ئەم فریزە ناوییە ناوەڕۆکێکی فۆنەتیکی هەبێت و دۆخی ڕێزمانی پێنەدرابێت،)، (مەحوی، ٢٠٠١: ٣٥)، بەواتایەکی تر ئەو فریزە ناوییانەی دەرکەوتنی فۆنەتیکییان هەیە دۆخ وەردەگرن، ئەگەر فریزێک دەرکەوتنی نەبو لە پاڵێوەری دۆخ دەرناچێت و پێویســـتی بە دۆخ نییە، بۆنمونە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ـ شیرنێ چایەکە خواردەوە.

ـ* شیرنێ خواردەوە.

ڕستەی یەکەم ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەوپێیەی کارە فەرهەنگییەکەی لە جۆری تێپەڕە، کە لە ناواخنەکەیدا تەواوکەرێک هەڵگیراوە و کارە فەرهەنگییەکە حوکمی دەکات، ئەم ڕاستییەش بونی فۆنەتیکییانەی تەواوکەرێکی خورتی لە جێکەوتەی بەرکاردا دەسەپێنێت، بەمەش پاڵێوەری دۆخ، پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤ لەلایەن ڕەگی کارەوە دەکاتە مەرجی ڕێزمانیی بونی ڕستەکە، بەڵام ڕستەی دوەم ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، چونکە پێشێلکردنی یاسا فەرهەنگییەکەی سەرەوەیە بە نەبونی تەواوکەرێکی ناوەکیی کارەکە، ئەمەش بەربەستی بۆ بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی کارەکە دروستکردوە، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە، (دو دیاردەی بەرچاو هەیە لە پاڵێوەری دۆخدا:

یەکەم: هەمو ناوێک دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر پێکهاتەی فۆنەتیکی هەبێت.

دوەم: هەمو ناوێک دۆخ وەردەگرێت، ئەگەر پێکهاتی واتایی هەبێت.) (ئەحمەد، ٢٠١١: ٤٤).

بەم پێیە وشەی (چایەکە) لە ڕستەی یەکەم بەشێوەی فۆنەتیکی و واتایی دەرکەوتوە، بۆیە خاوەنی دۆخە، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا لابراوە، واتە پێکهاتەی فۆنەتیکی لەدەست داوە، بەمەش بە پاڵێوەرەکەدا تێناپەڕێت و هیچ دۆخێکی پێنادرێت. هەروەها لەڕستەی:

ـ * بەردەکە نانی خوارد.

وشە(بەردەکە) لەڕوی لۆجیکەوە ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، کەواتە پێکهاتەی واتایی نییە، بۆیە دۆخی پێنادرێت.

## ١-٥. پێدانی دۆخ: Case Assigner

میکانیزمی پێدانی دۆخ لە نێوان زمانەکاندا پەیوەست بە دەرکەوتنی نیشانەی دۆخەوە جیاوازە، هەروەک لە هەندێک زماندا بەشێوەی ئەبستراکت و لە هەندێکی دیکەشدا مۆرفۆلۆژیانە نیشانە دەکرێت. (سەعید، ٢٠١٩: ٥٠) بەگشتی دۆخی هەر فرێزێکی ناوی لەلایەن سەرەی ئەو کەرەستەیەوە دەدرێت کە فرێزە ناوییەکە بۆی بوە بە تەواوکەری (بەپێی تیۆری دۆخ، تەنها سەرەکان کە لە کوردیدا، ڕەگی کار و پریپۆزیشن و کات و کەسن، لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان سەرە و تەواوکەرەکەدا دۆخی ڕێزمانی بە تەواوکەرەکانیان دەدەن).(ئەحمەد، ٢٠١١ : ٤٥)، کار(V) دەتوانێت دۆخی Accusative بدات بە بەرکارەکەی، پریپۆزیشن (P) دەتوانێت دۆخی Dative بدات بە تەواوکەرەکەی، بکەری دەرکەوتوش لە ڕستەدا بەهۆی فرێزی دیارخەری کات (IP) یەوە دۆخ وەردەگرێت. بۆ نمونە:


ـ ئازادی ڕێواس هێنان.

کاری ڕستەکە دۆخی Accusativeی داوە بە تەواوکەرەکەی (ڕێواس) لەبەرئەوەی بکەر (ئازاد) دەرکەوتنێکی فۆنەتیکی هەیە، بەپێی پرەنسیپی پاڵێوەری دۆخ دەبێت دۆخی بکەری وەربگرێت، هەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ســـەرەیەکیش لە توانایدا هەیە تەنیا یەک دۆخ بدات بە نزیکترین کەرەســـتە لە خۆیەوە، لەبەرئەوە کار (V) ناتوانێت دۆخ بدات بە بکەر، بۆیە ناچار بکەر دەجولێت بۆ شـــوێنی spec لە IPدا و لەژێر دەســـەڵاتی IP دۆخی بکەری Nominative وەردەگرێت، واتە تێنس یان دەمەکان دۆخ بە بکەر دەدەن.




(قادر، ٢٠٠٩: ٨٢)، ئاراستەی پێدانی دۆخ لە زمانی کوردیدا جگە لە پێشناوەکان، لە چەپەوە بۆ ڕاستە، هەر ســـەرێکی ڕێزمانیی، یەک دۆخی ڕێزمانی بۆ تەواوکەرەکەی پێیە، لە بەرانبەریشـــدا هەر تەواوکەرێک تەنیا یەک دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت. (ســـەعید، ٢٠١٩: ٥٤) هەندێ زمانی وەکو ئینگلیزی داوای ئەوە دەکات، کە دەبێ پێدەری دۆخ هاوسێ بێ لەگەڵ ئەو فرێزە ناوییەی کە دۆخ وەردەگرێت، بۆ نمونە هیچ فرێزێکی ناویی تەواوکار ناکرێت شـــەقبکرێت لەلایەن ســـەرەی پێدەری دۆخەوە، کە ئەم پرەنســـیپە لەلایەن(stowel)ەوە پێشـــنیازکراوە، بەڵام هەندێ زمانی وەکو کوردی بواری ئەوە دەدات، کەوا بەرکار لە کار دابڕێ بەهۆی ئەو ئاوەڵکارانەی دەکەوێتە نێوان کار و بکەرەوە. (قادر، ٢٠٠٩: ٩٤)، بەڵام فرێزی پێشـــناوی ڕەچاوی مەرجی هاوسێیەتی دەکات و ڕێگا بەهیچ کەرەسەیەکی تر نادات، کە لەنێوان پێشناو و تەواوکەرەکەیدا هەبێت، واتە لە فرێزی پێشـــناویدا، پێشـــناو و تەواوکەرەکەی دراوســـێن و هیچ کەرەســـتەیەکی تر لە نێوانیان نایەت. (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ١٢١)، بۆ نمونە:

ـ ئامینێ <u>نامەکەی</u> <u>نوسی</u>.

بەرکار کار

ـ ئامینێ <u>نامەکەی</u> <u>بەپەلە</u> <u>نوسی</u>.

بەرکار ئاوەڵکار کار

## بەشی دوەم: دۆخی ڕێزمانی لە شێوەزاری پشدەردا

بەشێوەیەکی گشتی دۆخ بە فرێزی ناوی دەدرێت، کە فرێزە ناوییەکە دەکرێت ناو یان جێناو بێت، (لە تیۆری (GB)دا هەمو جۆرەکانی جێناو وەکو فرێزێکی ناوی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت، جێناو لە زۆر زماناندا بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەستنیشانکردنی سیستەمی دۆخ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا، ســـیســـتەمی دۆخی بکەری و دۆخی بەرکاری تەنیا لە جێناوەکاندا دەبینرێن، (ئیبو، ٢٠١٥: ٦٥) چونکە لە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

زمانی ئینگلیزیدا هیچ نیشـــانەیەكی مۆرفۆلۆژی دۆخ لەدوای ناوەكان دەرناكەوێت، بەڵام جێناوەكان بەپێی دۆخەكـان فۆرمی جیـاواز دەنوێنن، وەک لە دۆخی بکەری، بەرکـاری، دۆخەکە بەهۆی گۆڕانی فۆرمی مۆرفۆلۆژی جێناوەکانەوە دیاریدەکرێت، (محمد، ٢٠١٥: ١٧) ئەوەی تاکو ئەمڕۆ زانرابێت، ئەوەیە، کە لە کوردی ناوەڕاســـت دۆخی ڕێزمانیی نادیاریی هەیە، تەواوکەرە دەرەکیی و ناوەکییەکان دۆخی ڕێزمانیی بکەریی و بەرکارییان هەیە، بەڵام نە زیادەیان پێوەلکێنراوە و نە فۆرمی ناوەوەیان بۆ دۆخە ڕێزمانییەکەیان شکاوەتەوە. (مەحوی، ٢٠١٠: ٥٢). بەڵام زار و شێوەزارەکانی سەر بە کوردی ناوەڕاست بەرادەی جیاواز نیشـــانەی مۆرفۆلۆژییان تێدا دەبینرێت، هەروەها فۆرمی گۆڕاوی جێناوی بۆ دۆخە ڕێزمانییەکان هەیە. بە نمونە لە شـێوەزاری پشـدەردا ، کە بەشـە دیالێکتێکی سـەر بە شـێوەزاری موکریی کوردی ناوەڕاسـتە، جێناوەکان بەپێی دۆخەکان گۆڕانکارییان بەسـەردا دێت، بەڵام مەرج نییە ئەو گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆژییانەی بەسـەر ناودا دێن هەمان گۆڕانکاریش بەسـەر جێناودا بێت، چونکە هەندێک جێناو شـێوەی دەگۆڕێت و هەندێکی دیکەش بەپێی دۆخەکە هەر وەکو ناو نیشـانەی مۆرفۆلۆژی وەردەگرێت. وەک (جێناوی کەسـی سـەربەخۆ و جێناوی نیشـانە)، کە فۆرمی شـکاوەی ناوەوەیان بۆ دۆخی ڕێزمانیی هەیە، هەروەها مۆرفۆلۆژیی دۆخی ڕێزمانیشی لە شێوەی مۆرفیم یان زیادەدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشـدا، فرێزەکانی ڕسـتە جێگەی چەسـپاویان هەیە، ڕیکەوتنە ئێرگەتیڤییەکان بە نیشـانەکانیانەوە تا ڕادەیەکی دیاریکراو ڕێگەیان بە جێگۆڕکێی فرێزەکان داوە، کەواتە شـێوەزاری پشـدەر، فۆرمی شـکاوەی بۆ جێناو هەیە و نیشـانەکانی دۆخیشی تێدا بەدیدەکرێن، لەبەرئەوە لە باسکردنی جۆرەکانی دۆخدا ئاماژە بە ناو و جێناوەکانیش دەکەین وەک فرێزێکی ناوی، بەم شێوەی خوارەوەیە:

## ٢-١. دۆخی بکەری Nominative case

دۆخی ئەو فرێزە ناوییانەیە کە ڕۆڵی بکەر دەگێڕن لە ڕستەدا، لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)دا ئەو دۆخە نەبینراوەیە کە بە فرێزی ناوی بکەر دەدرێت و بەهۆی کەتیگۆری (INFL) حوکم دەکرێت. (Trask, 1996: 184)، ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بەپێی زارە جیاوازەکان نیشـانەی دۆخی لەگەڵدا دەردەکەوێت، لە زاری سـەرەکی کوردی ناوەڕاسـتدا بکەر هیچ نیشـانەیەکی نەماوە، بەڵام لە هەندێک لە شـێوەزاری سـەر بەم زارە ئەو نیشانانە ماون کە دۆخی بکەری پیشاندەدەن، بۆ نمونە لە شێوەزاری پشدەر لە هەندێک باردا ئەم نیشانانەیان پاراستوە، بەم شێوەی خوارەوە:

### ٢-١-١. کاری ڕابردوی تێپەڕ:

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردوی تێپەڕ بێت، بکەریش ناو، یان جێناوی کەسی سێیەمی تاک بێت، ئەوا نیشانەی دۆخ دەچێتە سـەر بکەر و بەهۆیەوە ڕەگەزەکەی دیاریدەکرێت. کە نیشـانەی (ی) بۆ ڕەگەزی نێر و (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ وەردەگرێت، بۆ نمونە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ـ نازداریێ/ ئەویێ گوڵەکە ئاودان.

ـ پیرۆتیێ/ ئەویێ دەرگاکە داخست.

بەڵام ئەگەر بکەر ناوێکی مێینە بو، کە بە پیتی (ا) کۆتایی هاتبێت، ئەوا لە کاتی وەرگرتنی نیشـــانەی مێ کە (ێ)یە، ئەوا (ی) نەبزوێن دێتە نێوان ناوەکە و نیشانەکە و دەبێتە (یێ). بۆ نمونە:

ـ  مینایێ نان خوارد.

ـ شەهلایێ نان خوارد.

ئەگەر ئەو ناوەی نیشـــانەی دۆخی بکەری وەردەگرێت بە ئاوەڵناو فراوان بکرێت، ئەوا نیشـــانەی دۆخەکە دەچێتە سەر ئاوڵناوەکە، بۆ نمونە:

ـ فاتمە ڕەشیێ گۆزەکە شکاند.

ـ ئازادە سوریێ بانگ کردم.

### ٢-١-٢. کاری ڕابردوی تێنەپەڕ و ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ:

ئەگەر کاری ڕســتەکە ڕابردوی تێنەپەڕ یان، ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ بو، ئەوا بکەری ڕســتەکە مۆرفیمی دۆخ بۆ نێر و مێ وەرناگرێت، بەڵکو ئەو کاتە بکەرەکە دەوری دۆخی ڕاستەوخۆ دەبینێت لە شێوەی تاک و کۆدا. کە هەمان شـێوەی تاک و کۆی دۆخی ڕاسـتەوخۆ، لە دیالێکتی ژورودا هەیە، هەروەها لە شـێوەزاری پشـدەردا بەزۆری ناو بەشـداری دەکات، ناو لە دۆخی ڕاسـتەخۆدا ئەرکی نیهاد و بکەر دەبینێت لە ڕسـتەدا. بەم شێوەیە:

١. ڕابردوی تێنەپەڕ:

ـ ژنێک/ پیاوێک هات. (بۆ تاکی نێرومێ)

ـ ژن/ پیاو هاتن. ( ژنان/ پیاوان هاتن). (کۆ بۆ نێر و مێ)

٢. ڕانەبردوی تێنەپەڕ:

ـ ئازاد دێت.

ـ مینا دێت.

٣ـ ڕانەبردوی تێپەڕ:

ـ ئازاد داران وردەکاتەوە.

ـ شەهلا بەردەرکێ دەماڵێت.

## ٢-٢. دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ(Accusative case)

بەرکاری ڕاســتەوخۆ، حاڵەتێکی ڕێزمانیی فرێزی ناوییە، کە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی فرێزی کارییەوە، بە دوەم کەرەسەی بەخورتی ڕستەی کاری تێپەڕ دادەنرێت. لە دۆخی (accusative) دا بەرکاری ڕاستەوخۆ لە هەندێک زماندا نیشانە وەردەگرێت، وەک زمانی لاتینی و ڕوسی. (Trask, 2007: 75). بەڵام لە هەندێک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

زماندا هیچ نیشانەیەک وەرناگرێت. کەواتە (ئەم دۆخە پەیوەستە بە ڕستەی کاری تێپەڕ، لە GB دا دۆخێکی ئەبستراکتە و دەدرێت بەو فرێزە ناوییانەی کە بەهۆی کارەوە حوکمدەکرێن. ( Trask,1996: 4) لە زاری کوردی ناوەڕاستدا بۆ دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی بۆ ناسینەوەی نییە، بەڵام لە هەندێک شێوەزاری سەر بە کوردی ناوەڕاست ئەم نیشانە ڕێزمانییانە ماون کە دۆخی بەرکاری پیشاندەدەن. وەک لە شێوەزاری پشدەردا دەبینرێت. کە لە ڕستەی کاری ڕانەبردوی تێپەڕ، یان ڕستەی کاری فەرماندانی ئاشکرا، یان نائاشکرای کاری تێپەڕدا، دۆخی ئەکوزەتیڤ لەلایەن ڕەگی کاری تێپەڕەوە بە بەرکاری ڕاستەوخۆ دەدرێت. دەگونجێت بەرکاری ڕاستەوخۆ ناو یان جێناوی کەسییە سەربەخۆکانی (ئەمن، ئەتۆ، ئەو، ئەمە، ئەوە، ئەوان). یان جێناوی نیشانە بێت. بەم شێوەیە:

٢-٢-١. **ناو:** ئەگەر ناو بێت، ئەوا مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی (ی) بۆ ڕەگەزی نێر و مۆرفیمی (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ، بۆ کۆی نێر و مێ (ان) وەردەگرێ. هەرچەندە نیشانەی دۆخەکان تێکەڵ بە نیشانەکانی ڕەگەزیش دەبێت، بەڵام دەربڕی دۆخیشە. بەم شێوەیە:

١. کاری ڕانەبردوی تێپەڕ. وەک:

ـ ئەمن نانی دەخۆم.

ـ ئەمن ئاوێ دەخۆمەوە.

ـ ئەوان ڕێواسان دێنن.

ئەگەر ئەو ناوەی دۆخی بەرکاری وەردەگرێت، مۆرفیمی ناسیاوی بخرێتە سەر نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانی هەر دەردەکەون، کە ئەمەش نیشانەی بەهێزی دۆخەکەیە، بۆنمونە:

ـ ئەمن نانەکەێ دەخۆم.

ـ ئەمن لایتەکێ دەفرۆشم.

٢. کاری فەرماندان

ـ ئەتو لایتەکێ بێنە.

ـ ئەتۆ ئومێدی بانگکە.

٣. فەماندانی نائاشکرا.

ـ دەبێ فاتمێ بنێرمەوە.

ـ دەبێ ئەحمەدی بکوژم.

٢-٢-٢. **جێناوی کەسی سەربەخۆ:** جێناوە کەسییە سەربەخۆکان تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاک (ئەو) نیشانەی دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆی لەسەر دەردەکەوێت. کە (ی) بۆ ڕەگەزی نێر و (ێ) بۆ ڕەگەزی مێیە. وەک:

١. کاری ڕانەبردو

ـ ئەوان ئەمن/ئەتۆ دەناسن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ـ ئەمە ئەوێ دەنێرین. (مێ)

ـ ئەمە ئەوی دەنێرین. (نێر)

ـ ئەوان ئەمە/ئەوە دەبینن.

٢. کاری فەرماندان

ـ ئەتۆ ئەمن/ئەمە بنێرە.

ـ ئەتۆ ئەوێ بنێرە.

ـ ئەتۆ ئەوێ بنێرە.

ـ ئەتۆ ئەوان بنێرە.

٢-٢-٣. **جێناوی نیشانە:** جێناوی نیشانە کاتێک دۆخی بەرکاری وەردەگرێت، نیشانەکانی دۆخی ئەکوزەتیڤی لەسەر دەردەکەوێت، کە بۆ ڕەگەزی نێر (ی)، (ەی) و بۆ ڕەگەزی مێ (ێ)یە، وەک:

١. کاری ڕانەبردو:

ـ ئەمن ئەهوەی/ هۆهوەی دەناسم.

ـ ئەمن ئەهوێ/ هۆهوێ دەناسم.

ـ ئەمن ئەهوانە/ هۆهوانە دەناسم.

ـ ئەو جێناوە نیشانانەی لەگەڵ ناو بەکاردێن، بۆ نمونە:

ـ ئەی دارەی دەبڕمەوە.

ـ ئێ کچێ بنێرەوە.

ـ ئەوان داران کۆدەکەمەوە.

٢. کاری فەرماندان

ـ ئەتۆ ئەهوەی/ هۆهوەی بێنە. (نێر)

ـ ئەتۆ ئەهوێ/ هۆهوێ بێنە. (مێ)

ـ ئەوە ئەهوانە/ هۆهوانە بنێرن. (کۆی نێر و مێ).


## ٣. بەرکاری ناڕاستەوخۆ: (Dative Case)

دۆخی ڕێزمانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دۆخێکی ڕێزمانی ناو، یان جێناوە، یاخود فرێزی ناوییە کە لەلایەن پێشناوەوە حوکم کراوە، پەیوەندی نێوان ناو یان جێناوەکە، بە وشەکانی تری ڕستەکە پیشاندەدات. (ئەم جۆرە لە دۆخ لەگەڵ ئەو کارانەی دو داواکار دەخوازن، داواکراوەکان بە بەرکاری بەرایی( primary object) و بەرکاری دوەم، (secondary object) دادەنرێن، بەرجەستە دەبێت. ئەو کارانەی جوت فرێزی ناوی دەخوازن بەرکاری دوەمیان سەرەی حوکمکەریان پێشناوێکە. (قادر، ٢٠١٧: ١٣٩)، وەک کاری (پێدان، پێگوتن، لێوەرگرتن، فێرکردن، فێربون). وەک لەم نمونەیەدا ڕونکراوەتەوە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

_ خونچێ کتێبەکە بە ئازادی دا.




واتە کارەکە پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کار تەنیا داوای بەرکار ناڕاستەخۆ دەکەن، وەک (پێوەدان، لێدان) بۆ نمونە:

_ ماری بە پوریێ وەداوە.

_ ئەوی لە کورەکەی داوە.

لە زمانی کوردیدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەهۆی پێشناوەکان دروست دەبێت. کە فرێزی پێشناوی (لە پێشناوێک و فرێزێکی ناوی پێکدێت، واتە جێکەوتە و ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە دوای پێشناوەکەوە شوێنی فرێزێکی ناوییە، بە واتایەکی تر پێشناو لە دروستەی ئەم جۆرە فرێزەدا هەمیشە تەواوکەرێکی هەیە، واتە دروستەکە لە سەرە و تەواوکەرێک پێکدێت، بەڵام پێشناو بەبێ ئەم تەواوکەرە، کە فرێزێکی ناوییە، هیچ گۆکردنێکی نییە)، (مەعروف، ٢٠١٠: ٦٦)، چونکە پێکهاتەکانی فرێزی پێشناوی وابەستەی یەکترین و نەبون و لابردنی هەر یەکێکیان پێکهاتەیەکی نادروست دێنێتە کایەوە، لەمەوە دەدەکەوێت، کە پەیوەندی پێشناو و تەواوکەرەکەی لە فرێزی پێشناویدا پەیوەندییەکی پتەو و نەپچڕاوە. (پێشناو لە دروستەی فرێزی پێشناوییدا سەرێکی حوکمکەرە، ئاراستەی حوکمکردنەکەشی بە پێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی دیکەوەیە، چونکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزی ناوی دەکات.) (مەعروف، ٢٠١٠: ٦٦) لە شێوەزاری پشدەردا ئەو فرێزە ناوییەی بەشداری لە پێکهاتنی فرێزی پێشناویدا دەکات، دەگونجێت ناو یان جێناوی کەسییە سەربەخۆکانی (من، تۆ، وی/ وێ، مە، وە، وان). یان جێناوی نیشانە بێت. کە نیشانەی دۆخی لەسەر دەردەکەوێت. بەم شێوەیە:

٣-١. ئەگەر ناوبێت، بۆ تاکی نێر مۆرفیمی (ی) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر تاکی مێ بێت، مۆرفیمی (ێ) وەردەگرێت و ئەگەر کۆی نێر و مێش بێت، مۆرفیمی (ان) وەردەگرێت. فرێزە پێشناوییەکەش لە ڕێگەی پریۆپزیشنەکانی (بۆ، بە، لە، وە) پێکدێت. بەم شێوەیە:

_کتێبەکەم وە بابی دا.

_ نامەم بۆ دایکێ نارد.

_ قاپەکان بە نەسرینێ دەشۆم.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

_ کتێبەکەی لە سەرداری وەربگرە.

_ چام بۆ میوانان دانا.

٣-٢. ئەگەر جێناو بێت: دەگونجێت جێناوی (کەسی، نیشانە) دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەربگرێت:

٣-٢-١. جێناوی کەسی سەربەخۆ: تەنیا جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاک (ئەو) لە دۆخی بەرکار ناڕاستەوخۆدا نیشانە دەکرێت. بۆ ڕەگەزی نێر (وی)، بۆ ڕەگەزی مێ (وێ)، دەبێت. (سەعید، ٢٠١٠: ٩٩) بۆ نموونە:

_ ئەمن قەڵەمێکم بۆ وی کڕی. (نێر). (من قەڵەمێکم بۆ ئەو کڕی.)

_ ئەمن قەڵەمێکم بۆ وێ کڕی. (مێ). (من قەڵەمێکم بۆ ئەو کڕی.)

٣-٢-٢. جێناوی نیشانە: ئەگەر جێناوی نیشانە لە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ هات، بەهەمان شێوە نیشانە دەکرێت. کە (ەی) بۆ ڕەگەزی نێر و (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ، (انە) بۆ کۆی نێر و مێ وەردەگرێت.

_ ئەمن کراسێکم بۆ ئەهوەی/هۆهوەی کڕیوە. (تاکی نێر)

_ ئەمن کراسێکم بۆ ئەهوێ/هۆهوێ کڕیوە. (تاکی مێ)

_ ئەمن نانم بۆ ئەهوانە/هۆهوانە هێناوە. (کۆی نێر و مێ)

دەگونجێت ئەو جێناوە نیشـــانانەی لەگەڵ ناودا دێن، ببن بە بەرکاری ناڕاســـتەوخۆ، نیشـــانەکانی دۆخی ڕێزمانی بەرکاری ناڕاســـتەوخۆیان لەســـەر دەردەکەوێت. کە (ەی) بۆ ڕەگەزی نێر و (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ، (ان) بۆ کۆی نێر و مێ.

_ کتێبەکەم لە وی کوڕەی وەرگرتن.

_ کتێبەکەم لە وێ کچێ وەرگرت.

_ شتەکانم بۆ ئێ ژنێ هێنابون.

_ ئاوم بۆ وان پیاوان برد.

## ٤. دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ (Genitive Case)

دۆخی خســـتنەپاڵ، دۆخێکی ئاشـــکرای فرێزی ناوییە، کە ڕۆڵی خاوەندارییەتی لەناو فرێزێکی گەورەتردا دەبینێت. (Trask, 1996: 118)، لە زاری کوردیی ناوەڕاســتدا، لەم دۆخەدا، مۆرفیمی(ـی)ی خاوەنداریی، پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی خســـتنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاســـت بە فرێزێکی ناویی دەدات. (مەعروف، ٢٠١٠: ٤٥)، بەڵام لە شـێوەزاری پشـدەردا مۆرفیمەکانی خسـتنەپاڵ بەپێی ڕەگەز و ژمارەی ســـەرە جیاوازن، بۆ ڕەگەزی مێ (ێ)، بۆ ڕەگەزی نێر (ی)، بۆ کۆی نێر و مێ (ی دە) بەکاردێت، ئەم مۆرفیمانە بەشـداری دەکەن لە پێکهاتنی فرێزی ناوی خسـتنەپاڵی خاوەندارییەتی. واتە ئەگەر لەدوای مۆرفیمی خســـتنەپاڵەوە، ناو یان جێناو هات، پەیوەندی ســـەرە بە دیارخەرەوە پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەبێت. واتە جگە لە بەخشـینی دۆخی ڕێزمانی، مۆرفیمەکانی (ی، ێ، ی دە) ناوی دووەم دەکات



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

بە خاوەنی ناوی یەکەم. بەم پێیە نیشانەی خاوەنییەتی و ڕەگەز و خستنەپاڵ، لە نیشانەکەدا کۆدەبنەوە. (لە سینتاکس دا ڕێککەوتنی ناو و ڕەگەز لە دۆخی خستنەپاڵدا لە هەندێک شێوەزاری سەر بە کوردی ناوەڕاست، وەک پشدەر و موکریان بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پەیوەندییەکی سینتاکسی هەیە لەنێوان ناو و ئەو ئامرازەی لە دواوەی دێت. ئەو پەیوەندییەش بەهۆی دۆخی خستنەپاڵەوە نیشانە دەکرێت.) (Tahir, 2018: 34). لە دۆخی خستنەپاڵدا پێویستە ڕەچاوی سێ کەرەستە بکەین:

١. سەرە حوکم دەکاتە سەر جۆری ئامرازی خستنەپاڵەکە.

٢. ئامرازەکانی خستنەپاڵ بەپێی تاک و کۆیی سەرە، یان توخمی سەرە، دەستنیشاندەکرێت و بەکاردەهێنرێت.

٣. دیارخەرەکە بەپێی توخم و ڕەگەزەکەی مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی دۆخ وەردەگرێ، کاتێ فرێزەکە لە دۆخی ڕێزمانی ناڕاستەوخۆدا بێت. (سەعید، ٢٠١٠: ١٠٠) بەم شێوەیە:

ا_ ئەگەر دیارخەر ناو بێت، ئەوا بەپێی تایبەتمەندی ناوە سەرەکە، مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ وەردەگرێت، بۆ ڕەگەزی نێر (ی)، بۆ مێ (ێ)، بۆ کۆی نێر و مێ (ی دە)یە، هەروەها ناوی دیارخەریش بەپێی ڕەگەزەکەی نیشانەی نێر و مێ لەسەر دەردەکەوێت، کە بۆ ڕەگەزی نێر (ی) بۆ ڕەگەزی مێ(ێ)یە. وەک:

_ بابی ئەحمەدی پیاوێکی باشە.

_ بابی ئەسمەرێ نەخۆشە.

_ خوشکێ نەسرینێ ئەندازیارە.

_ برای دە فاتمێ زیرەکن. (براکانی فاتم زیرەکن)

کەواتە ناوی سەرە بەپێی ڕەگەز و ژمارە، دەوری هەیە لە هەڵبژاردنی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ، مۆرفیمەکانیش دۆخی ڕێزمانی لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەبەخشن، ناوی دیارخەریش نیشانەی دۆخی لەسەر دەردەکەوێت.

ب. ئەگەر دیارخەر جێناوی کەسیی سەربەخۆ بێت: دەبێت جێناوەکان لە کۆمەڵەی دووەم (من، تو، وی/وێ، مە، وە، وان) بن، مۆرفیمەکانی دۆخی ڕێزمانیش، بۆ ڕەگەزی مێ (ێ، یێ)، بۆ نێر (ی)، بۆ کۆی نێر ومێ (ی دە) وەردەگرێت. بۆ نمونە:

_ مامی مە چۆتە گوندی.

_ کچێ من زیرەکە.

_ برای دە من چونە شاری.

_ خوشکێ دە مە دەستپاکن. (خوشکەکانی ئێمە دەستپاکن)

ئەگەر دیارخەر کە جێناوی کەسی سەربەخۆیە، بە جێناوی لکاو جێگیر بکرێت، ئەوا مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ بۆ ڕەگەزی نێر و مێ هەر دەردەکەون، بە مەرجێک فرێزە ناوییەکە لە دۆخی ناڕاستەوخۆدا بێت،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

واتە فرێزە ناوییەکە کەوتبێتە دۆخەوە، کارەکەش ڕابردوی تێپەڕبێت، یان کاری ڕابردو و ڕانەبردوی تێپەڕ، کە لەچاوگی (هەبون) وەرگیرابێت. وەک:

آ. کاری ڕابردوی تێپەڕ:

ـ بابیم هەنجیرەکەی چنیون.

ـ دایکێت دەرگاکەی داخست.

ب. کاری ڕابردو و ڕانەبردوی تێپەڕی وەرگیراو لە چاوگی (هەبون):

ـ پورێم منداڵی زۆری هەن. (ڕابردو)

ـ خەسوێم هەناری چاکی دەبن. (ڕانەبردو)

بەڵام ئەگەر کارەکە ڕابردو و ڕانەبردوی تێنەپەڕ بێت، ئەوا فرێزە ناوییەکە لە دۆخی ڕاستەوخۆدا دەبێت و مۆرفیمەکانی نێر و مێ دەرناکەون. بۆ نمونە:

١.ڕابردوی تێنەپەڕ:

ـ بابم هات.

ـ داکم هات.

٢. ڕانەبردوی تێنەپەر:

ـ بابم دێت.

ـ داکم دێت.

پ. ئەگەر دیارخەر جێناوی (خۆیی، پرس، نیشانە) بێت: بە هەمان شێوە مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ بەپێی تایبەتمەندی ناوە سەرەکە جیاواز دەبن، بۆ ڕەگەزی نێر (ی)، بۆ مێ (ێ)، بۆ کۆی نێر و مێ (ی دە) بەکاردێن. بۆ نمونە:

١. جێناوی خۆیی

ـ کوری خۆم خۆشدەوێ.

ـ خوشکێ خۆت تورەمەکە.

ـ خوشکێ دە خۆ دەنێرم.

ـ برای دە خۆ دەنێرم.

٢. جێناوی پرسیاری

ـ ماڵێ کێ لێرەیە.

ـ برای کێ ناوی ڕزگارە.

ـ منداڵێ دە کێهەی نەهاتون.

٣. جێناوی نیشانە

ـ خوشکێ ئەهوەی زیرەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

_ بابی هۆهوەی هاتوە.

_ خزمی دە ئەهوەی دێن.

_ خوشکێ ئەوێ ژنی دەناسم.

_ خاڵێ ئەی منداڵەی دەناسم.

_ داک و بابێ دە ئەوێ کچێ چونە بازاڕی.

## ٥. دۆخی بانگکردن

بانگکردن حاڵەتێکی سینتاکسییە لە ڕێگەی چەند گیرەکێکی ڕێزمانی دێتە ئاراوە، بە مەبەستی بانگکردنی ناوێک لە پۆلەکەی، یاخود ڕەگەزەکەی، یان بە مەبەستی جیاکردنەوەی ناوێک لە ناوێکی تر. (محێدین، ٢٠١٣: ١٨٣) یاخود، بانگکردن ڕێڕەوێکە پەیڕەو دەکرێت بۆ بانگکردنی کەسێک، یان بۆ وریاکردنەوەی لە کارێک، کە قسەکەر دەیەوێت پێی ڕابگەیەنێت بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ ئامراز، کە پێیاندەگوترێت ئامرازی بانگکردن لە پێکهاتەییێکی تایبەتدا، کە هەریەکەیان دەگونجێ لەگەڵ ئەو مەبەستەی کە قسەکەر دەیەوێت گوێگری پێ وشیار بکاتەوە بانگدەکرێت و وشیاردەکرێتەوە. (فەرهادی و محەمەد، ٢٠٠٩: ١٢٣) (کردەی بانگکردن هەمو ناوێکی تایبەتی مرۆڤ و هەندێ ناوی گشتی تایبەت بە مرۆڤ دەگرێتەوە، بەشێوەیەک بانگکردنی مرۆڤ بە ناوی تایبەتی خۆی، ئاوازی دەربڕین دەینوێنێت و دیاریدەکات، بەڵام هەندێ لەو ناوە گشتییانەی ڕەگەزی مرۆڤ (نێر و مێ) لە زمانی کوردیدا، چەند مۆرفیمێکی بانگهێشتن دەچنە کۆتاییانەوە لەگەڵ ئاوازی دەربڕیندا چەمکی ئەم کردەیە دەنوێنن.)، (محێدین، ٢٠١٣: ١٨٤) لە کوردی ناوەڕاستدا تەنیا لەم دۆخەدا نیشانەکان بۆ نێر و مێ جیاوازن. کە (نیشانەکانی بانگکردن، (ێ) بۆ ڕەگەزی مێ و (ە) بۆ ڕەگەزی نێر، بۆ کۆی نێر و مێ (ینە) بە کۆتایی ناوەکەوە دەلکێت.). (کوردۆیڤ،١٩٨٤: ٧٧) نیشانەکانی دۆخی بانگکردن لە شێوەزاری پشدەریشدا بەپێی ڕەگەز جیاوازن، نیشانەکانیش هەر ئەوانەن کە لە کوردی ناوەڕاستدا هەن، کە بۆ ڕەگەزی نێر (ە)، بۆ مێ (ێ)، بۆ کۆی نێر ومێ (ینە) بەکاردێت.

_ خاڵە تا ئێرە وەرە. (نێر)

_ پورێ دەرگاکە داخە. (مێ)

_ کوڕینە وەرنە ژورێ. (کۆی نێر)

_ کچینە وەرنە ژورێ. (کۆی مێ)

جگە لە ناوی نێر نیشانەی (ە) لەگەڵ هەندێک ناوی مێش بەکاردێت. وەک:

_ دایکە /داپیرە وەرە ئێرە.

دەگونجێت نیشانەکانی بانگکردن بۆ ڕەگەزی مێ (ێ)، بۆ نێر (ە)، بۆ کۆی نێر و مێ (ینە)، بچنە دوای ئاوەڵناوەوە، ئەگەر دیارخراوەکە بۆ ئاسانی دەربڕین نەگوترابێت. وەک:

_ ڕەشە وەرە ژورێ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ـ سورە دەرگاکە داخە.

ـ سوریێ دەرگاکە داخە. (مێ)

ـ جوانێ وەرە پێشێ.

ـ بەرێزینە فەرمون دانیشن.

ـ زمان درێژینە بۆ بێدەنگ نابن.

زۆرجار لە کاتی تورەبون، یان ئامۆژگاریکردن، بۆ مەبەســـتی بانگکردن و ورياکردنەوەی گوێگر هەندێ دەستەواژەی تايبەت بەکاردێت بۆ نێر و مێ، بۆ نمونە:

ـ هەتیوە ئەوە بۆ پەرداخەکەت شکاندوە. (نێر)

ـ کچە تیوێ ئەوە بۆ دانانیشی. (مێ)

ـ کچە تیوینە ئەوە بۆ یارمەتیم نادەن. (کۆی مێ)

دەگونجێت لەم شـێوازەدا، فرێزە ناوییەکە بە ئاوەڵناوی تر فراون بکرێت، ئەو کاتە نیشـانەکان دەچنە دوای ئاوەڵناوەکە، وەک:

ـ هەتیوە پیسە ئەوە بۆ پەرداخەکەت شکاندوە.

ـ کچە تیوە ڕشکنێ ئەوە بۆ دانانیشی.

چەند شـــێوازێکی دیکەی بانگکردن بەدیدەکرێت، وەک لەگەڵ ناوەکانی (کوڕ، کچ) کە لە تەمەندا منداڵ بن و نەناسـراو بن، لەم حاڵەتەدا نیشـانەی ناو بچووککردنەوە و بانگکردن تێکەڵ دەبن، بەشـێوەیەک کە نیشـانەی دۆخی بانگکردن بۆ ڕەگەزی نێر (ۆکە)، بۆ مێ (ۆڵێ، ۆکێ)، کە تەنیا لەگەڵ ناوی (کوڕ، کچ، ژن) بەکاردێت.

ـ کوڕۆکە وەرە.

ـ کچۆڵێ دانیشە.

ـ ژنۆکێ وا مەکە.

هەروەها دەگونجێت نیشانەکانی بانگکردن لە چەند حاڵەتێکدا لەگەڵ ناوی تايبەتدا بەکاربێن. بۆ نمونە:

ـ هۆ فاتمۆڵێ وەرە دانیشە.

ـ هۆ ئایشیلێ وەرە دانیشە.

ئەم جۆرە بانگکردنانە بۆ مەبەســـتی خۆشـــەویســـتی، یاخود ڕق لێبونەوە بەکاردێت، بەڵام لە کوردی ناوەڕاستدا، ناوە تایبەتییەکان نیشانەی دۆخ وەرناگرن. بۆ نمونە:

ـ هۆ ئەحمەد وەرە دانیشە.

## ٦. دۆخە واتاییەکان

ئەو دۆخانەن کە بەیارمەتی پێشـناوەکان پێکدێن، لەڕوی واتاوە دۆخەکانی (کات، شـوین، هاوڕێیەتی، ئامێر، هتد) دەگەیەنن، (بەپێی بۆچونی چۆمسکی دۆخ لە سێ چوارچێوەی ڕۆنانیدا دەردەکەوێت:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

١. چواچێوەی ڕۆنانی سپێک- سەرە: بەخشینی دۆخی بکەری بۆ کارای ڕستەکە لەلایەن کارەوە. وەک:

ـ ئازادی نان خوار.

٢. چوارچێوەی ڕۆنانی سەرە- تەواوکار: بەخشینی دۆخی ئامێری، شوێنی و هاوڕێیەتی لەلایەن پێشناوەوە. بۆ نمونە لە کرمانجی ژورودا:

ـ ئازاد ب فرۆکێ هات. (دۆخی ئامێر)

ـ ئازاد دگەڵ نازێ چو سەیرانێ. (دۆخی هاوڕێیەتی)

ـ ئەم ژ چیایێ هاتینە خوارێ. (دۆخی شوێن)

٣. چوارچێوەی ڕۆنانی سەرە- دەرخەر: وەک دۆخی خستنەپاڵ:

ـ ئەوێ باژێرێ. (حاجی، ٢٠٠٧: ١٠٨)

لە شێوەزاری پشدەردا ئەو دۆخانەی کە لە چوارچێوەی ڕۆنانی (سەرە_ تەواوکار) دا پێکدێن، نیشانەی ڕەگەزیان لەسەر دەردەکەوێت، کە (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ ڕەگەزی مێیە، کە لەهەمان کاتدا دەربڕی دۆخێشە. بەم شێوەی خوارەوە:

**١. دۆخی کات:** کە هاوەڵکارەکان دەگرێتەوە کە بەبێ پشناو و بەپێشناویشەوە نیشانەیان لەسەر دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

آ. بەبێ پێشناو:

ـ ئەمن شەوێ دەچم.

ـ ئەمە پایزێ دەگەڕێینەوە.

ـ ئەمن ڕۆژێ هەر دەنوم.

ـ دوای نیوەڕۆیێ تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوە.

ب. لەگەڵ پێشناو:

ـ ئەمن بەشەوێ ئیشی دەکەم.

ـ ئەوان بەڕۆژێ ناخەون.

ـ ئەمن قەت بەزستانێ ئیشی ناکەم.

**٢. دۆخی شوێن:** بەهۆی پێشناوەکانەوە پێکدێت و نیشانەی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت. بۆ نمونە:

ـ بەیانی دەچمەوەماڵێ.

ـ ئەمن ئەوم لە خەستەخانێ بینی.

ـ چیدیکە ناچم بۆ زانکۆێ .

ـ منداڵەکە لەسەربانێ بەربۆوە.

بەڵام لەم نمونانەدا:

ـ بە هەولێرێ دا دەڕۆم. (شوێن)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ـ دە خەوێ دا ڕاچڵەکیم. (کات)

ـ لە سلێمانیێ ڕا گەڕامەوە.

ـ بە گوندێ دا دەڕۆم.

لەم نمونانەدا نیشانەی ڕەگەز و نیشانەی دۆخەکەش لەیەک کاتدا دەرکەوتوە، کە ئەمەش نیشانەی بەهێزی دۆخەکەیە.

**٣. دۆخی هاوڕێیەتی:**

ـ شەونم لەگەڵ شەهلایێ ڕۆیشت. (مێ)

ـ بابم لەگەڵ ئازادی هاتەوە. (نێر)

**٤. دۆخی ئاراستە:** هەروەها ئەو فرێزە بەندانەی ڕۆڵێ واتایی ئاراستە دەردەخەن، نیشانەی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

ـ ئەمە بۆ بامیەچنینێ دەچین.

ـ ئەوان بۆ مەلەێ دەچن.

ـ ئەمن بەیانی دەچمە دێراو هەڵدانێ.

**٥. دۆخی ئامێر:** لەو فرێزە بەندانەی لەڕوی واتاوە دۆخی ئامێر پیشـاندەدەن نیشـانەکانی دۆخیان لەسـەر دەردەکەوێت. بۆ نمونە:

ـ ناوباخەکەم بە پێمەرێ کێڵا.

ـ مێوەکەم بە موقەستێ بڕین.

بە سەرنجدان لەو دۆخانەی باسکران تێبینی ئەوە دەکرێت، کە زمانی کوردی بەهۆی دابەشبونە جوگرافی و سـیاسـییەکەیەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان زارە جۆراوجۆرەکانیدا دروسـتبوە، بەتایبەتیش لە هەبونی سیستەمی دۆخ و ڕەگەز تێیاندا، تەنانەت لە شێوەزارەکانی سەر بە یەک زاریشدا ئەم جیاوازییە دەبینرێت، بۆ نمونە شـێوەزاری سـلێمانی و پشـدەر هەردوکیان سـەر بە زاری کوردی ناوەڕاسـتن، بەڵام جیاوازی بەرچاو دەبینرێت لە بون و نەبونی نیشـانەکانی دۆخ لە نێویاندا. شـێوەزاری پشـدەر ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانەی پاراسـتوە، کە دەرخەری دۆخ و ڕەگەزەکانن. جگە لە دۆخی بانگکردن لە هیچ شـوێنێکی تردا نیشـانەی مۆرفۆلۆژی لە زاری کوردی ناوەڕاسـتدا دەرناکەوێت، بەڵام لە شـێوەزاری پشـدەر، ڕەگەزی نێر و مێ لە دیاریکردنی دۆخەکاندا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن و هەندێ جار جگە لە بینینی ڕۆڵی سـەرەکی خۆیان ڕۆڵی تریش دەبینن وەکو خستنەپاڵ. هەندێک لە ناوەکان بەپێی نیشانەی مۆرفۆلۆژییەوە و هەندێکی تریان هەر بە واتا ڕەگەزەکەیان دەردەکەوێت، لەسەر ئەو بنەمایە، ڕەگەز بۆ دو جۆر دابەشدەبێت، ئەوانیش ڕەگەزی سـروشـتی (بایۆلۆجی) و ڕەگەزی ڕێزمانییە. ڕەگەزی سـروشـتی، ڕەگەزی ئەو ناوانەیە کە لە سـروشـت و پێکهاتەیاندا ڕەگەزەکەیان دەردەکەوێت، واتە ڕەگەزی نێر و مێیان پەیوەسـتە بە سـروشـتە بایۆلۆجییەکەیانەوە، بەڵام ڕەگەزی ڕێزمانی، دیاریکردنی ڕەگەزی ناوە بەهۆی نیشـانەی مۆرفۆلۆژییەوە لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

ڕستەدا. وەک لە هەندێ زار و شێوەزاردا بەپێی نیشانەکانی ڕێزمانی تایبەت ڕەگەزی ناو دەستنیشان دەکرێت، (جیاوازی ڕەگەزی سروشتی و ڕەگەزی ڕێزمانی ئەوەیە، کە ناوی شتە بێ گیان و نابەرجەستەکانیش کە خاوەنی ڕەگەزی سروشتی نین، بەپێی وەرگرتنی نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانی تایبەت لە یەکتر جیادەکرێنەوە. ڕەگەزی سروشتی نەگۆڕە، بەڵام ڕەگەزی ڕێزمانی لە زمانێک یان ناوچەیەک بۆ زمان یا ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت. (ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٤٩) بۆ نمونە، وشەکانی (مانگ، دەریا) ناوێکی نێرن لە زمانی عەرەبی دا، بەڵام لە زمانی کوردی(کرمانجی ژورو) ناوێکی مێن، هەروەها وشەکانی (ڕۆژ)، نێرە و وشەی (زەوی) مێیە لە شێوەزاری زازایی، بەڵام لە کرمانجی ژورو وشەی (ڕۆژ)، مێیە و وشەی (زەوی) نێرە. (خورشید، ٢٠١٣: ٤٤)، بونی یان نەبونی ڕەگەز لە زمانێکدا بەند نییە بە بەهاوسەنگی زمانەکەوە، بەڵکو بەندە بە سروشت و جۆری زمانەکە و ئەو گەشە و گۆڕانەی بەسەریدا هاتوە لەڕوی لەناوچونی مۆرفیمە بەندەکانەوە لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی.

## ئەنجام:

١. بەگشتی لە شێوەزاری پشدەردا لە چەند حاڵەتێکدا مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی لەسەر فرێزی ناوی دەردەکەوێت، ئەگەر کارەکە ڕابردوی تێپەڕ بو، لەسەر بکەر دەردەکەوێت، ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردوی تێپەڕ بو، لەسەر بەرکاری ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، هەروەها لە فرێزی پێشناویدا لەسەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ و لە خستنەپاڵیشدا لەسەر دیارخەر دەردەکەوێت.

٢. ئەو مۆرفیمانەی کە دەربڕی دۆخن و ئەرکی سینتاکسی دەبینن، بریتین لە مۆرفیمی(ی) (ەی) بۆ تاکی نێر و (ێ) بۆ تاکی مێ و (ان) بۆ کۆی نێر و مێ، ئەم مۆرفیمانە توخم و ڕەگەزی ناو دیاریدەکەن لە هەمان کاتدا دەربڕی دۆخیشن، چونکە دەرکەوتنی ئەو مۆرفیمانە بەندە بەچەند حاڵەتێکی ڕێزمانی دیاریکراو، کە کات و هێزی کارەکان دەوریان هەیە لە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئەم مۆرفیمانە، لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی کوردیدا، ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە ڕۆڵی هەیە لە پێدانی دۆخ بە فرێزە ناوییەکان.

٣. شێوەزاری پشدەر لەڕوی پیشاندانی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی دۆخەوە دەوڵەمەندە، لە شێوەزارەکەدا جیاوازی نییە لەنێوان نیشانەکانی دۆخ و ڕەگەز، هەروەک هەندێک لە نوسەران وەک (سەباح ڕەشید قادر، ئازاد ئەحمەد حسەین، مەحەمەد مەحوی، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، فەرەیدون عەبدول محەمەد) لە لێکۆڵینەوەکانیادا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە، کە لە زمانی کوردیدا مۆرفیمەکانی ڕەگەز دەبڕی دۆخی ڕێزمانیشن.

٤. جێناوی کەسیی سەربەخۆ و جێناوی نیشانە، وەک فرێزی ناوی دەردەکەون و دەکەونە دۆخەوە، لە شێوەزاری پشدەردا بەپێی دۆخە جیاوازەکان، یان شێوەیان دەگۆڕێت، یان نیشانەی دۆخیان لەسەر دەردەکەوێت. جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە دۆخی بکەری و بەرکاریدا بریتین لە: (ئەمن، ئەتۆ، ئەوی(نێر)/ئەوێ(مێ)، ئەمە، ئەوە، ئەوان) بەڵام لە دۆخی خستنەپاڵ و دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22

شـــێوەیان دەگۆڕێت بۆ (من، تۆ، وی(نێر)/ وێ(مێ)، مە، وە، وان)، هەروەها جێناوی نیشـــانەکان لە دۆخی بکەریدا بریتین لە (ئەوە/ ئەهوە) بۆ نزیک، (هۆهوە، هۆوەلوکە) بۆ دور، کە لەگەڵ کاری ڕابردوی تێنەپەڕ و ڕانەبردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێن، بەڵام لە دۆخی بەرکاری ڕاســـتەوخۆ و خســـتنەپاڵ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەگۆڕێن. بۆ نزیک (ئەهوەی(نێر)/ ئەهوێ(مێ)،) بۆ دور (هوهوەی(نێر)/ هۆهوێ(مێ).)

٥. دۆخە واتاییەکان بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانییان لەسەر دەردەکەوێت.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22**

# Grammatical Case in Pshdar Sub-Dialect

**Khalid Haji Mohammed[1] - Sajidah Abdulla Farhadi[2]**
[1+2]Kurdish Department, College of Language, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
This research is entitled (Grammatical case in Pishdar Sub-Dialect). Grammatical case is one of the important syntactic features in Pishdar Sub-Dialect, case is a property of noun phrases, expressed as a result of their relationship to other parts of the sentence, which in some languages is represented by a morpheme and appears at the end of a noun phrase, indicating the role played by the noun phrase in the sentence and is known as morphological case, but in some languages the morphological sign does not appear and is known as the abstract case. The concept of the abstract case is an important part of the theory of Government and binding, which Chomsky and his followers have studied. under the title of case theory. According to the theory, abstract case is a universal phenomenon and exists in every language. There is no morphological case in Central Kurdish, but it is seen in some Sub- dialects belonging to Central Kurdish, such as Pishdar, Mukri, Khoshnawti and Rawandz. In this research, the grammatical case, types and characteristics of Pishdar dialect are analyzed.

**Keywords**: Grammatical Case, Pshdar Sub-Dialect, Morphological Case, Abstract Case.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22**

## سەرچاوەکان:


Blake, Barry J.(2004) case. 2nd. united kingdom: syndicate of the university of cambridge.

Chomsky, Noam.(1986a) Knowledge of Language: Its Nature, Origin, and Use. New York: Praeger.

Cook, Vivion, and Mark Newson.(1996) Chomskys Universal Grammer: An Introduction. 2nd. China: Black Well.

Culicover, Peter W.(2009) Natural Language Syntax. New York: Oxford University press.

Heagman, Liliane.(1994) Introduction to Government and Binding Theory. Reprinted, 2nd edition. Oxford: Black well.

Cook, J, and Mark Newson,V.(2007) Chomskys Universal Grammar: An Introduction. 3d. Blackwell.

Trask, R. L. (1996) A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. london: Rout ledge.

Trask, R. L. and Stockwell, p. (2007) Language and Linguistics_The Key Concepts. Second Edition. Routledge.

Tahir, Rebwar Shafie.(2018) The Structur of DP in Central Kurdish. Dotor thesis, Newcastle University: feculty of Humanities.

ئیبو، ڤیان ئیبراهیم عەلی(٢٠١٥)، دۆخ د زمانێ کوردیدا(گۆڤەرا بەهدینی) .نامەی دکتۆرا، زانکۆی دهۆک :سکولا ئادابێ، فەفاکولتیا زاستێن مرڤایەتی.

ئەحمەد، بروا رەسول(٢٠١١)، دۆخ لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە: فەکەڵتی زانستە مرڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان.

ئەحمەد، مزگین عەبدلرەحمان(٢٠٠٦) دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردیدا(کرمانجی سەرو) .نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین :کۆلێژی پەروەردە.

ئەمین، وریا عومەر(٢٠١٥)، دۆخ و ئەرکی بەشەکانی رستە .گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی :ژمارە ٣٤.

—— (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی .چاپی دوەم .بەرگی یەکەم .هەولێر :چاپخانەی ئاراس.

باتینی، محەمەد رەزای(١٩٩٣)، ئاورێکی تازە بۆسەر رێزمان،وەرگێرانی:حەسەنی قازی .سوید.

حاجی، ڤیان سلێمان(٢٠٠٧)، کەرەسە بەتاڵەکان لەرِوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە. نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین :کۆلێژی زمان.

خورشید، غازی عەلی(٢٠١٣)، رێزمان .هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم.

رسول، صلاح حوێز(٢٠١٣)، پرەنسیپی ئابوریکردن لەزمانی کوردیدا، لەرِواگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا .نامەی کتۆرا، زانکۆی کۆیە :فەکەڵتی پەروەردە, ٢٠١٣.

رەسوڵ، خەسرۆ ئەحمەد(٢٠١٢)، رِستە لەشێوەزاری خۆشناوەتیدا لەرِوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوەدا .نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران :فەکەڵتی ئاداب.

سەعید، تابان نوری حەمە(٢٠١٠)، شێوەزاری ناوچەی پشدەر .نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین :کۆلێژی زمان.

سەعید، سازان زاهیر(٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا .نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی :کۆلێژی زمان.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22**

فەرهادی، ساجدە عەبدوڵڵا ,و شلێر ڕەسوڵ محەمەد.(٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی بانگکردن لەزمانی کوردیدا .گۆڤاری ئەکادیمی : چاپخانەی حاجی هاشم ،ژمارە ١٢.

قادر، سەباح ڕەشید(٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی دەسەڵات و بەستنەوە (GB)لەزمانی کوردیدا .هەولێر :چاپخانەی حاجی هاشم.

قادر، ئەبوبەکر عومەر(٢٠١٧)، شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا. مجلة جامعة التنمية البشرية المجلد ٣ :العدد ٤.

کوردۆییف.ک.ک(١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ،وەرگێرانی: کوردستان موکریانی . بەغدا :چاپخانەی الادیب البغدادی.

محددین، بازیان یونس(٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس .چاپی یەکەم .هەولێر : چاپخانەی موکریان.

محمد، فیصل غازی(٢٠١٥)، دۆخی ڕێزمانی لەزمانی کوردیدا .نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین :کۆلێژی پەروەردە.

مەحوی، محەمەدی(٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردی .زانکۆ سلێمانی.

.— (٢٠١٠)، هەندێک لایەنی سینتاکسی زمانی کوردیی و زمانی عەرەبی .زانکۆی سلێمانی.

مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠١٠)، دروستەی فرێز لەزمانی کوردیدا .سلێمانی :مەڵبەندی کوردۆلۆجی.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper22**